**ڕۆنکردنەوەیەکی پێویست**

## کۆمیتەی بەرگری لە ڕۆژنامەوانانی کوردستان کۆمیتەیەکی سەربەخۆیە و پەیوەندی بە هیچ ڕێکخراوێکی ترەوە نییە....

لە دوای دەست بەکاربوونی کۆمیتەکەمان، هەندێ کەسان و لایەن لەملا و لەوێ هەوڵی ئەوە دەدەن قسەی ناتەواو سەبارەت کۆمیتەکەمان بڵاوبکەنەوە بەمەبەستی کارتێکردنی نەرێنی.

ئێمە لە کۆمیتەی بەرگری لە ڕۆژمامەوانانی کوردستان بە هەموو ئەندامان و هاولاتیانی کورد و کوردستان ڕادەگەیەنین کە کۆمیتەکەمان بە هیچ شێوەیەک پەیوەندی بە هیچ ڕێکخراو و حزبێکی ترەوە نییە، چ لە ناوەوەی کوردستان و چ لەدەرەوەی و وەک ڕێکخراوێکی سەربەخۆ کار دەکات و جگە لە ئەندامانی کۆمیتە کەسی تر بەشدار نییە لە وەرگرتنی بڕیارەکانی کۆمیتەی بەرگری لە ڕۆژنامەوانانی کوردستان. هەروەها بە پێویستی دەزانین ئەوە بڵێین کە لە دوای پەسەندکردنی ڕەشنووسی پەیڕەو و پرۆگرامی کۆمیتەکەمان شێوەی کارکردنی خۆی وەرگرتووە و یەکێتی میدیای ئەلکترۆنی کوردستان و کۆمیتەی بەرگری لە ڕۆژنامەوانانی کوردستان وەک دوو ڕێکخراوی جیاواز و سەربەخۆ کاردەکەن و هەر یەکەو کۆمیتەی تایبەتی خۆی هەیە. بەهەمان شێوە ئەم کۆمیتەیە هیچ پەیوەندیەکی ڕێکخراوەیی بە سەندیکای ڕۆژنامەنووسانی کوردستانیشەوە نییە یان هەر ڕێکخراوێکی تری هاوچەشن. وەکوو تر زۆر ئاساییە پەیوەندیمان هەبێت لە گەڵ ڕێکخراوەکانی هاوچەشندا لە پێناو کاری هاوبەش و لێک تێگەیشتن.

هەر وەها بەپێویست دەزانین ئەوە بڵێین کە تاوەکوو ئێستا هیچ ئەندامێکی سەر بە دەسەلاتی باشووری کوردستان لەناو دەستەی کارگێری کۆمیتەی بەرگری لە ڕۆژنامەوانانی کوردستاندا نییە، هەروەها کۆمیتەی بەرگری لە ڕۆژنامەوانان بڕیاری داوە هیچ هاوکاریەکی دارایی و مادی لە دەسەلاتەکانی ڕەسمی وەرنەگرێت بۆ ئەوەی بتوانێت بە ئەرکی خۆی هەڵسێت دوور لە کارتێکردنی دەسەلاتداران و پارتەکانی دەسەلاتدار.

ئەگەر هەر حیزبێک یان ڕێکخراوێک هەیە ئێمە پەیوەندیمان پێوە کردبێت ، یان یارمەتیمان لێ داواکردبێت ئەتوانێت وەلاممان بداتەوە..

**کۆمیتەی بەرگری لە ڕۆژنامەوانانی کوردستان**
**ko_b_r_ku@yahoo.se**
**2006-11-13**